# گــوڵـــەکـــانی ناو ئنجانەکەی دڵـم ئاوادەڵێن :-

حەمەشوان شەریف
hamashwan1@hotmail.com
سوید03 01 2005

1-

لێرە دانیشە مەڕۆ      دڵنیابە
تا ئەوبەری سنور ئەچم پێش سپێدە دەیمەوە لات .
- کچێ زوو وەرەوە    چڵی هەناسەیەکی سەوزم .!.
تاسبەینێ تۆ دێیتەوە     من دەزانم
پیردەبم و بەفـر لەسەری مـن دەچێ .!.

*    *    *

2-

ئەی وڵاتی پڕلەگەڵای بیرەوەری دڵداریم
ئەی هەناسەی ساڵەکانی بیابانی گوڵدارم
بەر لەوەی لەژێر نیگایەکتا داڕوخێم
دەمویست ببمە مۆردانەیەکی سەرەڕێگە
نەبا چڵێ داری سەرەڕۆ لە شۆستەکە یاخی ببێ و
نا یاسایی لەجادەکەوە بڕۆیی !
یان دەمخواست
قردێلەیەکی بێدەنگبم و لەسەرڕەفەی پەنجەرەکەت دامنێیی
هەرکات حەوسەڵەی پیاسەیەکت بوو
بم دەیت لەسەرت و بڕۆیی .!

3-

لە دڵداریدا ...
هەموو پەیمانێک  زیندانێکە لە درۆ
بەڵێنێکە وەک گۆچان چەماوە یە .

4-

من بە هارێکی نەدیوەم و پایزێکی لەبەرچاوم
هەمیشە ئەوەشم لەبەرچاوە
تنۆکە شەونمێکە گوێی بەردێکی ڕەق دەسمێ !.!

-5

ئەم نامەیە مەکەرەوە
بەر لەوەی سەفەرکەی لە ناو چانتاکەتدا داینێ ،
عەشق بەهایی خۆیی هەیە
نامەوێ جەستەیی تۆش بەگێلییەوە لێم بڕوانێ !.!.
من هەتوانێکی پەمەیم و خەمگین ترین کلوە بەفرم
بۆ ئەوین .

-6

تۆ بوەستە
با لەڕوخسارت وورد ببمەوە
دەمەوێ لەچاوانتا وونبم !،.
نوقوڵی نێودەمی ئێوارەیەکم
داخم لێدێ هیچ ڕستەیەکم پێنیە
ئەوەندەی لێوت تەڕبێ بۆ ماچ !.